Yekêtî Nivîsarên Kurd
Stichting Koerdische Schrijvers in Nederland
یەکێتی نووسەرانی کورد لە هۆڵەندە

# ماڵئاوا هاوڕێ
# خالد ماڵئاوا

فەهد گردەوانی


خالد و دایکم

حازم عوسمان..یاسین تاهیر..خالید رەسول

وەرزشوانی شاری هەولێر خالید رەسول
2009 – 1946

ئەمڕۆ 2009/6/7 لەگەڵ سەلاحی ئامۆزام و سەعدیەی خوشکم قسەم کرد. هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی ئەبەدی وەرزشوانی بەناوبانگی هەولێرهاوڕێم {خالد رەسوڵ}یان پێ ڕاگەیاندم. لەگەڵ خالد رەسول دەمێکە ئاشنایەتیم هەبووە و پێکەوە هاوڕێی حیزبی شیوعی عێراقی بووین. من لە هێڵی یەکێتی قوتابیانی گشتی عێراق کارم دەکرد و ئەویش لە هێڵی یەکێتی لاوانی دیموکراتی عێراق کاری دەکرد. تاوەکو دەرچوونم پێکەوە بووین و پاش ئەوەی لە هەنگاریا و سوێد گیرسامەوە ، خالد رەسول هاتووچۆی باوک ودایک و خوشکانی دەکردم و سێبووری دەدا ئەوان.

درێژی و کورتی تەمەن نابێتە پێوانەی ژیانی مرۆڤ، کار و خزمەتی ئینسانەکە خۆی پێوانەیە بۆ ژیانی مرۆڤ . ئەوانەی تەمەنیان کورت بووە و کاری چاکیان بۆ مرۆڤایەتی ئەنجام داوە و ناو وناوبانگیان ڕۆیشتووە هەردەم لە ژین دا و لە دڵی خەڵکی دا دەژین . ئەوانەی تەمەنیان درێژ بووە و هیچیان لەپاشە خۆ بەجێ نەهێشتووە هەر لە ژیانیشدا مردوو دەژمێردران . خالد رەسول هەردەم نەمرە و لەدڵی خەڵکی شارەکەم دەژی و لەناو یاریگای هەولێر سێبەری هەردەم دیارە . ئەو یاریزانە لە بواری وەرزشدا هونەرمەندێکی لێهاتوو و شارەزابوو ، لە یاری تۆپی پێ و باسکە چاڵاک بوو . خالد رەسول خوێنەرێکی چاکی بواری ئەدەبی و سیاسیش بوو . جار جارە پەخشان و شیعریشی دەنووسی و لە کۆڕ و کۆبونەوەکان بەشداری دەکرد . کاک خالید رەسول ساڵی 1946 لە پیرەهەولێر لە دایک بووە . لە سەرەتا لە یانەی بروسک و شورتەی هەولێر یاری کردووە . ڕاهێنەری یانەی ئاسۆ بوو . سەرۆکی تۆپی باسکەی هەولێر بووە . سەرۆکی وەرزشوانە دێرینەکانی هەولێر بوو. ڕۆژی 2009/6/6 بە [جەلتەی دڵ] کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی [کارگەی قیر] سپاردەی خاک کرا . ئەمڕۆکە دووەم ڕۆژی پرسەکەیەتی و لە مزگەوتی سەواف {صەواف} پرسەیان بۆ داناوە. چەپکە گوڵێک بۆسەر گڵکۆی پیرۆزی هاوڕێم خالید رەسول و پرسە و سەرخۆشیم بۆ خێزان و منداڵەکان.

فەهد گردەوانی
2009/6/7
ستۆکهۆڵم